دایکی ئەدهم بارزانی کەچی دوایی کرد و پارتی ڕێگری لە ئەدهم بارزانی دەکات بگەڕێتەوە بۆ ناشتنی دایکی

لەو ڕوونکردنەوەیەکدا ئەدهەم بارزانی ڕایگەیاندووە، "ئاگادارن دایکم چوو بۆ ڕەحمەتی خوای گەورە، ئێمە بوو بە سێ ساڵ کە سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان منی ئاوارەو دەربەدەرکردوە لەسەر سێ بەیاننامەی سیاسیی کە ڕێئی جیاواز قبوڵنەکرا، پێم نەکرا لەم ماوەیەدا ئێم دایکە ئازیزە بە یەکجاریش بێت ببینم و چەند ڕۆژێک پێش ئێستا کە قسەم لەگەڵ کرد وتی دەنیام کە جارێکی تر ناتبینمەوە".

ئەوەشی ئاشکراکردووە، خوا خێری بەڕێز کاک باڤە مام جەلال تاڵەبانی بنوسێت لەڕێگەی ئەوەوە پێیوەندیی کرا بە هەشیار زێباری خاڵی مەسعود بارزانی و سیدادی برای کە ڕێگەبدەن ئێمە ئەمشەو تەرتیبات دەکەین ئەدهەم بارزانی بێتە ماڵی خۆی لەمەسیفە و بە دواجار لەناو کفندا ڕوەتی دایکی ببینێت و هەر بەیانی یان پاش یەک ڕۆژ پرسە دەگەڕێتەوە سلێمانی، دایکێک کە هاوسەر و دوو لە کوڕکانی بەدەستی بەعسیەکان شەهیدبوون کە ئێمە ئەوان لە پایتەختی کوردستان بەئازادی دەگەڕێن.

سەبارەت بەوەوەامی پارتی بە دەستپێشخەریەکەی تاڵەبانی، ئەدهەم بارزانی نوسیویەتی، وەڵامەکە بەو شێوەیە بووە، وتویانە مانع نییە بێتەوە، بەڵام نابێت پاسەوانەکانی لەگەڵی بێنەوە، لەکاتێکدا پاسەوانەکانم لەلایەن باڤە تاڵەبانیەوە بۆم دابینکراوە،

چونکە پێشتر لەسەر هێڵەشکانی سەرکی پارتی، تەواوی پاسوانەکانم دەرکران، بەهەرحاڵ جەختیشیانکردوەتەوە نابێت کاتێک دەگەڵەمەوە پرسەکەی دایکم هیچ کەسکم لەگەڵ بێت و تەنها خۆم بێم، ئەمەش لەکاتێکدایە کە هیچ باوەڕییەک نماوو فەرمانی دەستگیرکردنی منیان دەرکردوە بەمادەی 21ـی یاسای تێکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.